# پێرێ بوو، ئەی غەریبان!

***ئەحمەدی مەلا***

٢٠٠٦

پێرێ بوو، راستر دەمە و گوڵ بوو، واتە شیرازەکانی خەز لە دەوری هەتاو ئاڵابوون. پێرێ، قەد لەو پێرێیانە نەدەچوو کە دەچوونە ژێر پێستەکەمەوە و باسی نەغمەکانی شەفەقیان دەکرد. ئۆرکسترای لم. تۆ، بە شنە لە ژێی بەیان دەدەیت. منم تاقە جەوهەری نێو چڵپاو، خووناوی سەر خاشم و مۆسیقاژەنی ئەبەدی باخچەی هەڵواسراوەکان.

پێرێ بوو خەونم بینی : گەورەترین هەتیوی شیعر و ناسکترین قەدیف. لە دارستانی ئیستواییەوە دەهاتمەوە. لەشی روەک لەشی داپۆشیبووم و سەز دەچوومەوە وەکو ناولەپی پێغەمبەر. دوو کانی لە نێو لینگمەوە، کەوسەری لەززەت بوون دەرژانە بوونەوە.

پێرێ دەمەو ئەستێرە بوو! گەردوون وەکو قەترانی نێو رۆحی مەرجان، یاقووتی نێو لەپی شەو...حەزێک بوو چراخان و چرایەک بوو ئاشنا...

هەستم کرد ژیان لە ملیۆنەها پنت پێکدێت و نێوان پنت و پنتێکیش ملیۆنەها ساڵ مەودایانە...زەمەنەکانی من تەنها بە تیشک دەپێورێن و ئەم جەستەیەشم کەتۆتە نێو خەرەندەکانی هەستەوە... ژیان قەد ئەو رستە نەبوو کە پێکەوە مێژوویان پێکدەهێنا! ژیان پنتێکە دەکەوێتە کۆشم.

پێرێ کاغەزێکی سپی دەموچاوی تۆمار کردم، روخساری ختم کردم. ستایشی باڵندەیەک ئاوی دەبووژاندەوە، زوقمی سەر هەنار شاگەشگەی دەدایە دیوار و تاقە ترێیەکی رەش لەسەر پانتایی سینە. قژە پەرتوبڵاوکانت رووبار بوون با شانەی دەکرد. ئەسپێکی سپی شینیی بووکێنی ئاسمانی شەق کرد و منیش رادەبووردم.

رۆمانتیک نیم و دوو زەنگوڵە چرا لە چاوانم قەتیسن. بێزاریی هەوای پاریس و شیێ مەملەکەتی باران پێستەکەم دادەپۆشن. رۆمانتیک نیم و بە قەد سایەقە کەش دەخۆمەوە و دوو چێژی لە وەسفبەدەر بە سەر لێومەوەیە و رادەبووردم.
رۆمانتیک نیم و دەڕوانمە باخچەکانی هەور و کاوێژ دەکەم. بێچووە ئەستێرەیەک قووت و قاقایەک لە سەر سکم پەپکە دەخوات.
رۆمانتیک نیم و خەم دەخۆم. خەمی شۆم و خەمی کەوان : واتە خەمە پێنەگەیشتووەکانی پەڵکەزێرینە.

لە ئاقارێ پاڵدەکەوم و گیای رەشی بەهار دەتفێنمەوە.
تامێک مەلاشووم دەچوزێنێتەوە.
بۆنێک لە سەر سمێڵەکانم خەونی ئاژەڵیی خۆی دەهۆنێتەوە.
لێی دەخەوم...بەرد و خۆل دەجووم و خەوی کەستەک دەگێڕمەوە